# لێکەوتە ژینگەییەکانی چالاکی گەشتوگوزار، لە پارێزگای هەڵەبجە

**د.ئیبراهیم عبدالکریم حمەکریم**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید

Ebrahimhaji111@gmail.com

**م. سەرکۆ یونس عبدالکریم**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید

Sarkokareem5@gmail.com

ڕێکەوتی وەرگرتن :١٥-٨-٢٠٢٥ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە٢١-٩-٢٠٢٥

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی شیکردنەوەی لێکەوتەو کێشە ژینگەییەکانی چالاکییە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەڵەبجەیە، کە یەکێکە لە شوێنە گەشتوگوزاریەکانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی سروشتی شاخاوی سەرنجڕاکێش و بوونی تاڤگەو ئاوی زۆرو شوێنەواری مێژوویی و کەلتوورییەکانیانەوە. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران، فراونکردنی ڕووبەری گەشتوگوزاری لە ناوچەکە، کێشەی ژینگەیی دەرکەوتووە کە پێویستی بە هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردن هەیە. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە گەشتیاری بەهۆی بیناسازی هەڕەمەکی و هێمای نارێک و نایاسایی و هەروەها خراپتربوونی کێشەی پاشماوە و خاشاک بەهۆی لاوازی و نەبونی سیستەمی کۆکردنەوە و جیاکردنەوە، بەتایبەتی لە وەرزەکانی گەشتیاریدا کاریگەری لەسەر پیسبوونی ژینگە هەبووە. سەرەڕای ئەوەش، بەرزبوونەوەی خواست لەسەر ئاو لە کاتی بۆنەکان و ڤیستیڤاڵەکاندا فشاری زیاتری خستۆتە سەر سەرچاوە سنووردارەکانی ئاو لە ناوچەدا کە بەدەست کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە دەناڵێنێت. سەرەڕای ئەوەش، بەکارهێنانی نارێکوپێک لە ناوچە شاخاوییەکان و دۆڵەکان بۆتە هۆی داماڵینی خاک و خراپبوونی ڕووەکەکان و هەڕەشە لە جۆراوجۆری جۆراوجۆر و کاریگەری لەسەر جوانی دیمەنی سروشتی کردووە. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، چالاکیە گەشتیاریەکان یارمەتیدەرن بۆ بوژاندنەوەی ئابووری ناوخۆیی، بەڵام زۆرجار بەڕێوەبردنی ژینگەیی بەردەوامیان نییە، کە قەبارەی پاشماوە و فشاری سەر ژێرخانی ئابووری زیاد دەکات.

لە درێژخایەندا، بەردەوامی ئەم تەحەدایانە بەبێ چارەسەری دامەزراوەیی لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی سەرنجڕاکێشی شوێنە گەشتیارییەکان و زیان گەیاندن بە بەردەوامی سەرچاوە سروشتییەکانی.ئەم توێژینەوەیە

پشتی بەستوە بە میتۆدی وەسفی شیکاری. لێرەوە توێژینەوەکە دەریخستوە کە پێویستە پلانێکی یەکخراو بۆ بەڕێوەبردنی گەشتیاری ژینگەیی هەڵبجە دابنرێت کە بریتییە لە دیاریکردنی توانای شوێنەکان و باشترکردنی بەڕێوەبردنی ئاو و هۆشیاری و پاراستنی کۆمەڵگەی خۆجێی و دامەزراندنی سیستەمی چاودێری ژینگەیی خولی . بەم شێوەیە دەتوانرێت هاوسەنگییەک لەنێوان گەشەپێدانی گەشتیاری و پاراستنی ژینگە بەدەست بهێنرێت و سەرچاوەکانی داهاتوو بۆ نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکرێت.

**کلیلە وشەکان: گەشتیار، گەشتوگوزار، ژینگە، لێکەوتە ژینگەییەکان، پیسبوونی ژینگە.**

**ملخص البحث**

تسعى هذه الدراسة إلى تحليل العواقب البيئية الناجمة عن النشاط السياحي في محافظة حلبجة، باعتبارها إحدى الوجهات المتنامية في إقليم كوردستان لما تتمتع به من طبيعة جبلية خلابة ومواقع تاريخية وثقافية مميزة. فمع تزايد أعداد الزوار والمشاريع السياحية، برزت مشكلات بيئية تستوجب التقييم والمعالجة.

تشير النتائج إلى أن السياحة أسهمت في زيادة التلوث البصري عبر البناء العشوائي واللافتات غير المنظمة، فضلاً عن تفاقم مشكلة النفايات الصلبة نتيجة ضعف أنظمة الجمع والفرز، خصوصاً في المواسم السياحية. كما أن الطلب المتزايد على المياه خلال الفعاليات والمهرجانات شكل ضغطاً إضافياً على الموارد المائية المحدودة، في منطقة تعاني أساساً من آثار التغير المناخي. يضاف إلى ذلك ما يسببه الاستخدام غير المنظم للمناطق الجبلية والوديان من تعرية للتربة وتدهور للغطاء النباتي، مما يهدد التنوع الحيوي ويؤثر على جمالية المناظر الطبيعية. من الناحية الاجتماعية-البيئية، تسهم الفعاليات السياحية في تنشيط الاقتصاد المحلي، لكنها في المقابل تفتقر غالباً إلى ممارسات إدارة بيئية مستدامة، مما يزيد من حجم المخلفات والضغط على البنية التحتية وعلى المدى الطويل، فإن استمرار هذه التحديات دون حلول مؤسسية قد يؤدي إلى تراجع جاذبية المحافظة السياحية وتضرر استدامة مواردها الطبيعية. استخدمت في الدراسة منهج الوصفي- التحليلي.

خلصت الدراسة إلى ضرورة وضع خطة متكاملة لإدارة السياحة البيئية في حلبجة، تشمل تحديد القدرة الاستيعابية للمواقع، تحسين إدارة النفايات والمياه، إشراك المجتمع المحلي في التوعية والحماية، وإنشاء نظام رصد بيئي دوري. وبهذا يمكن تحقيق توازن بين تنمية السياحة وحماية البيئة بما يضمن استدامة الموارد للأجيال المقبلة.

الكلمات المفتاحية: السياحة، السياحة، البيئة، العواقب البيئية، التلوث.

**Abstract:**

This study aims to analyse the environmental impacts and challenges posed by tourism activities in Halabja Province, one of the significant tourist destinations in the Kurdistan Region. Halabja is renowned for its attractive mountainous nature, abundant waterfalls and water sources, and rich historical and cultural sites. With the increasing number of tourists and the expansion of tourist areas in the region, environmental issues have emerged, necessitating evaluation and

solutions. The findings indicate that tourism has contributed to environmental pollution due to haphazard construction, irregular and illegal signage, and the exacerbation of waste and litter problems. This is largely attributed to the weakness and absence of effective waste collection and segregation systems, particularly during peak tourist seasons. Furthermore, the surge in demand for water during events and festivals places additional pressure on the region's limited water resources, which are already suffering from the effects of climate change. In addition, irregular usage of mountainous areas and valleys has led to soil erosion and degradation of vegetation, threatening biodiversity and impacting the aesthetic beauty of the natural landscape. From a socio-environmental perspective, while tourism activities contribute to the revitalization of the local economy, their environmental management often lacks sustainability. This leads to an increase in waste volume and places additional strain on the region's infrastructure. In the long run, the persistence of these challenges without institutional solutions may lead to a decline in the attractiveness of tourist sites and compromise the sustainability of natural resources. This research adopted a descriptive-analytical methodology. The study revealed the necessity of establishing an integrated plan for environmental tourism management in Halabja. This plan should include determining the carrying capacity of sites, improving water management, raising environmental awareness, protecting local communities, and establishing a periodic environmental monitoring system. Through these measures, a balance between tourism development and environmental protection can be achieved, ensuring future resources for generations to come.

Keywords: Tourist, Tourism, Environment, Environmental Impacts, Environmental Pollution.

## بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### پێشەکی

گەشتوگوزار یەکێکە لە کەرتە ئابورییە گرنگەکانی جیهان، هەر ئەوەشە ئەمڕۆ بووەتە پیشەی زۆرێک لە دانیشتوانی ئەم سەر زەویە و سەرچاوەی ژیان و بژێوی ملیۆنان کەسی لەخۆگرتووە. دیارە گەشتوگوزاریش بۆ خۆی جۆری جیاواز و گرنگی هەیە، ئەمڕۆ کوردستان وەک ناوچەیەکی گەشتیاری خاوەنی ئەو سەرچاوە جیاجیایانەیە، بەڵام وەک پێویست سودیان لێوەرنەگیراوە و نەتوانراوە بهێنرێتە ڕیزی سەرچاوە داراییە یەکەمینەکانی کوردستانەوە، بەڵام ئەگەر گرنگی پێبدرێت، دەتوانرێت ئەمڕۆ بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی داهاتی گشتی و تاکەکەسی سوودی بەرچاوی لێوەربگیرێت، بەو پێیەی ئەم کەرتە لەگەشەکردندایە لە هەرێمی کوردستان ، پارێزگای هەڵەبجەش وەکو یەکێک لەناوچە گەشتوگوزارییەکان هەژماردەکرێت، لێرەوە زیادبوونی خواستی گەشتیاری و بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران بۆ هەڵەبجەو ناوچە گەشتیارییەکانی و هەمەچەشنی پاڵنەری گەشتیاران بۆ سەدانکردنی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە. ئەم توێژینەوەیە وەستانە لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی لە پارێزگای هەڵەبجە و وەستانێکی زانستیانەیە لە سەر کاریگەرییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئیکۆسیستەمەکان.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کێشەی توێژینەوە:

سەرەڕای ئەوەی کە گەشتوگوزار یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی، بەشدارە لە گەشەپێدانی ئابوری ناوخۆیی و ئاڵوگۆڕی کەلتوریی، بەڵام چالاکیەکانی ئەم کەرتە فشارێکی زۆر دەخەنە سەر ژینگە، کاریگەری نەرێنی لەسەر دانیشتوانی ناوخۆیی و ژینگەی سروشتی ئەو ناوچانە دەبێت. ئەمەش وەک کێشەیەک تەماشەدەکرێت، بۆ ئەمەش ئەم توێژینەوە بەدوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە دەبێت:

١- چالاکی گەشتوگوزاری تاچەند لێکەوتەی نەرێنی جێدەهێڵێت لەسەر ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی پاریزگای هەڵەبجە؟

٢- ئایا چالاکی گەشتیاری بوەتە هۆکاری پیسبوونی ژینگە؟

٣- ئەو جۆرانەی پیسبوون کامانەن لە ئەنجامی گەشتیارییەوە دروست بوون؟

٤- ڕۆڵی پلاندانانی ژینگەیی لە بەڕێوەبردنی گەشتیاریدا چییە؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

بەو پێیەی کە هەڵەبجە وەک ناوچەیەکی سەرچاوە جیاو فرە لە گەشتوگوزار هەژمارەو دەرکەوتنی وەک ناوچەیەکی گەشتوگوزاری هەمەچەشن سەرەتایەکی بەرچاوە، دیارە دەرکەوتنی ئەم دیاردە مرۆیی و ئابووریە کە سەردانی گەشتیارە بۆ پارێزگای هەڵەبجە، دەرەنجامی ئەرێنی زۆرباش و دەرکەوتی نەرێنی خۆشی دەبێت بەو پێیەیش بەشێوەیەکی ئەکادیمی تیشک نەخراوەتە سەر ئەو مەترسییە ژینگەییانەی کە لە ئەنجامی گەشتوگوزارەوە دروست دەبن. هاندانی بڕیاردەران بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی هاوسەنگی ژینگەیی و گەشتیاری. دابینکردنی چارەسەری کردەیی بۆ باشترکردنی هاوسەنگی نێوان گەشتیاری و پاراستنی ژینگە وەک دەرکەوتەیەکی گرنگی ئەم توێژینەوە دێتە هەژمار.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- زانین و خستنەڕووی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی چالاکی گەشتیاریەوە لە پارێزگای هەڵەبجە درووست دەبن.

٢- زانینی هۆکارەکانی پیس بوونی ژینگەو باسکردنی وەک لێکەوتەیەکی چالاکی گەشتیاری .

٣- خستنەڕووی ئەورێکارانەی بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە دانراون.

**گریمانی توێژینەوەکە:**

١- گەشتوگوزاری بێ پلان بەشداری دەکات لە لە پیسبونی ژینگە.

٢- هۆشیاری ژینگەیی لەنێو گەشتیاران و دامەزراوە گەشتیارییەکان بەشدارە لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان.

**میتۆد و ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی-شیکاری بۆ شیکردنەوە و وەسفکردنی دیاردەکە وەک خۆی بەکارهاتووە. بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک فۆڕمی ڕاپرسی، شیکاری داتاکان.

**سنووری توێژینەوەکە:**

١- سنوری شوێن: ناوچە گەشتیاریەکانی پارێزگای هەڵەبجە.

٢- سنووری کاتی (٥/١٠ /٢٠٢٥بۆ /٧/١٥/ ٢٠٢٥).

**باسی یەکەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان**

**گەشتوگوزارTourism :**

گەشـتوگوزار وەک هەرچەمکێکی تری زانسـتیی مرۆیی، پێناسـەی جۆراوجۆری بۆکراوە، هەندێکیان کاریگەرن بە کۆمەڵناسـی بەوەی گەشـتوگوزار وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەناسـێنن، هە ندێکی دیکەیان ئابورییانە لەچەمکەکە دەڕوانن و دەڵێن گەشتوکوزار دیاردەیەکی ئابورییە .

یەکەمین پێناسـەی گەشـتوگوزار لە لایەن جویر فرۆیلەر (G.Freuler)ی ئەڵمانی کراوە کە دەڵێت (گەشـتوگوزار دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەردەم، هەڵقوڵاوی پێویستیی زیاتری مرۆڤە بە پشوو و هەوا گۆڕکێ لە پێناوی هەستکردن بە جوانی سروشـت و گەشـەپێدانی ئەم هەسـتە و پەی بردن بە دڵخۆشـی و چێژوەرگرتن لە مانەوە لەو ناوچەیەی کە سـروشـتێکی تایبەتی هەیە، هەروەها گەشـتو گوزار بۆ گەشـەپێدانی پەیوەندییەکانە لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاند. (الحوري و الدباغ : ٢٠٠١، ٤٥)

گەشـتوگوزار: بریتییە لە گواسـتنەوەی تاکەکان لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئاسـایی خۆیان بۆ شـوێنەکانی تری ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی، بۆ مەبەسـتی ڕابواردن، کەلتووری، ئابووری یان کۆمەڵایەتی، لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە ئامانجی سەرەکی کار یان نیشتەجێبوونی هەمیشەیی نییە (ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی، ٢٠٠١).

گەشـتوگوزار: چالاکییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە تیایدا تاکەکان لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئاسایی خۆیان دەگوازنەوە بۆ شوێنەکانی تری ناوخۆ یان دەرەوە بە مەبەستی ڕابواردن، کات بەسەربردن، گەڕان، چارەسەرکردن یان ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی، بەبێ ئەوەی لە شوێنی مەبەستدا کار بکەن.( عبد الفتاح، ٢٠١٠، ١٥).

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (UNWTO) گەشتوگوزار پێکهاتوە لە چالاکی گەشتکردن بۆمانەو لەشـوێنێکی دەرەوەی خۆی بە جۆرێک لە ٢٤کاتژمێر کەمتر نەبێت و سـاڵێک زیاتر نەبێت، بەمەبەسـتی کاتبەسـەربردن و کاتێکی خۆش تیایدا هیچ دەسکەوتێکی مادی نەبێت لەو شوێنەی سەردانی دەکات.(William, 2003, 3).

گەشتوگوزار لێرەدا بریتیە لەو چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی کە خۆی لەشێوەی سەیران و گەشتدا دەبینێتەوەو گەشـتیار سـەردانی شـوێنە سـروشـتی و مێژووی و سـیمبولی و ئاینی و چالاکیە کەلتوری ولۆکاڵیەکانی وڵاتێک یان شوێنێکی دیاریکراو دەکات.

**گەشتیار:Tourist**

بەگوێرەی ڕێکخراوی گەشـتوگوزاری جیهانی (UNWTO)، گەشـتیار بەم شـێوەیە پێناسـە دەکرێت: کەسـێکە کە گەشت دەکات بۆ شوێنێکی دەرەوەی ژینگەی ئاسایی خۆی، دووری شوێنەکە ٨٠ کیلۆمەتر کەمتر نەبێت، بۆ مەبەستی کات بەسـەربردن، یان کار یان هەر مەبەسـتێکی دیکە جگە لە وەرگرتنی پاداشـت لەو شـوێنەی سـەردانی دەکات، بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر نەبێت.(UNWTO, 2008, 10)

ئەو کەسـەیە کە لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئاسـایی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شـوێنێکی تر لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات بە مەبەستی کات بەسەربردن، چارەسەر، خوێندن، ڕێوڕەسمی ئایینی یان بۆ هەر مەبەستێکی یاسایی دیکە، بۆ

ماوەیەکی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر و لە ساڵێک زیاتر نەبێت، بەبێ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە شوێنی مەبەست هەبێت. ( السياحة والتراث الوطني السعودي،٢٠٠٥ ، ١٥)

گەشتیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هەموو ئەو کەسانە دەوترێت بەمەبەستی کاتبەسەربردن و حەوانەو و سەردانی شوێنە تایبەتەکانی گەشتوگوزاری و شوێنە ئاینی و مێژووی و هێماو سیمبولەکانی پارێزگای هەڵەبجە دەکەن

گەشتیاری ژینگەیی((Ecotourism)): جۆرێکە لە گەشتیاری کە جەخت دەکاتە سەر سەردانی ناوچە سروشتییەکان و پابەندبوون بە پاراستنی ژینگە، کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر سیستەمی ژینگەیی، و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە نێو گەشتیاران و کۆمەڵگە خۆجێییەکاندا.(Honey, 2008)

ژینگە(Environment):

ژینگە ئەو چوارچێوەیە کە هەموو توخمە سروشتییەکان (ئاو، هەوا، خاک، ڕووەکە، ئاژەڵ) و توخمە دەستکردەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا کارلێکیان لەگەڵدا دەکات.(UNEP, 2019)

**ژینگە،** سیستەمێکی ئاڵۆز و پێکەوەگرێدراوە کە هەموو گەردوون و ئەم هەسارەی زەویەش کەلەسەری دەژین، لەخۆدەگرێت. ئەم سیستەمە (وەستاو) و بێ پەیوەندی نیە، بەڵکو بەردەوام لە کارلێک و گۆڕانکارییە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی تری گەردوون. مرۆڤیش وەک بەشێک لەم ژینگەیە، بەردەوام لە کارلێکدایە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی تر. **هەندێک لە زانایانیش دەڵێن: ژینگە** بریتییە لەو ناوەندەی کە مرۆڤ تێیدا ژیان دەگوزەرێنێت، گشت لایەنەکانی ماددی و نامادەی، مرۆیی و دەرەوەی مرۆیی، دەگرێتەخۆ، بەم واتایە هەرچی لەدەرەوەی خودی مرۆڤەوە بوو، بریتی یە لە ژینگە.(عمر، ٢٠١٢، ٨-٩)

لێرەوە ژینگە تەنها شوێنێک نییە کە تێیدا دەژین، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزە کە هەموو ژیان و کارلێکەکانی لەخۆدەگرێت و کاریگەری لەسەر جووڵەو مامەڵەو چالاکیەکانو ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکان دەبێت.

لێکەوتە ژینگەییەکان(Environmental Consequences): بریتین لەو دەرەنجام یان کاریگەری چالاکیەکانی مرۆڤ، لەوانە گەشتیاری، ئەگەر نەرێنی بێت وەک پیسبوونی ژینگە و بەفیڕۆدانی سەرچاوەکانی، یان پۆزەتیڤ وەک بەرزکردنەوەی هۆشیاری بۆ پاراستنی ژینگە.(Glasson, Therivel & Chadwick, 2012)

پیسبوونی ژینگە(Environmental Pollution):

پیسبوونی ژینگە، بریتییە لە فڕێدان یان کەوتنی جۆرێک تێکەڵبوونی ماددە زیان بەخشەکان، سوتەمەنی، یان توخمە نامۆکان بۆ ناو ژینگە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانیان یان تایبەتمەندیەکانیان بە شێوەیەک وێنە سروشتیە جوانەکەی دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا زیان بە گیانەوەرە زیندووەکان یان موڵکوماڵی مرۆڤ بگەیەنێت یان ڕێگری لە پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی مرۆڤ بکات"(معجم المعاني الجامع،٢٠٢٤: https://www.almaany.com).

پیسبوونی ژینگە: لە فەرهەنگی (معجم الوسیط) پێناسە دەکرێت کە لەلایەن ئەکادیمیای زمانی عەرەبی لە قاهیرە دەرچووە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: شێوازێکی گەندەڵیە لە ژینگەی سروشتی یان میتافیزیکی لە ئەنجامی کەوتن یان تێکەڵبوون و فڕێدانی توخمە پیسبووەکان، وەک ماددە کیمیاییەکان، ژاوەژاو، تیشکدانەوە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر مرۆڤ یان بوونەوەرەکانی تر هەیە"(مجمع اللغة العربية، ٢٠٠٤، ٩٢).

پیســـبوونی ژینگە: هـاتنە نـاوەوەی مـاددە یـان وزەی دەرەکی بۆ پێکهـاتەکـانی ژینگە (هەوا، ئـاو، خـاک) بەهۆی چالاکیەکانی مرۆڤەوە، لەوانە گەشـتیاری، کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروسـتی مرۆڤ و زیندەوەران (Yassi et al., 2001).

لێرەوە پیســـبوون بریتییە لە تێکەڵبوون و ئـاوێتەبوونی ڕەگەزە بنچینەییەکـانی ژینگە خـاک و هەواو و ئـاو بە مادەیەکی دیکەی پیس یان پیس بوو، کە زیان و تێکدان دەخاتەوە، بەشـێوەیەک پێکهاتە و شـتە زیندوەکان لە دۆخی ئاسایی خۆیان ناهێڵن و بە نەرێنی دەشکێتەوە بەسەریاندا، بە جۆرێک ئەرکە سروشتییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن.

سـەرچاوە سـروشـتییەکان**(Natural Resources)**: هەموو ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە لە سـروشـتدا هەن و و بۆ ژیان و گەشەسەندن گرنگن، وەک ئاو، دارستان، کانزاکان و خاک، کە چالاکیەکانی مرۆڤ و ئابووریان لەسەروەستاوە، گەشتیاریش، بێگومان وەک چالاکیەکی مرۆڤ پشتیان پێدەبەستێت.(Park & Allaby, 2017)

**باسی دووەم: گەشتوگوزار و جۆرەکانی**

گەشتوگوزار وەکو خۆی دەستەواژەیەکە بە پرۆسەی گواستنەوەی خەڵک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەوترێت، ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسـانێکەوە ئەنجام دەدرێت کە پێیان دەگوترێت سـەردانکەر، یان گەشـتیار، کە ئەو کەســانەن کە چالاکی گەشــتوگوزار ئەنجام دەدەن بۆ ماوەیەکی کەمتر لە ســاڵێک ؛ بۆ ئەنجامدانی مەبەســتێکی سـەرەکی ، و گەشـتوگوزار جۆر و شـێوەی جیاوازی هەیە ، لەوانە : گەشـتوگوزار پەروەردەیی ، چارەسـەری ، وەرزشـی ، تەندروسـتی و پراکتیکی، لە بیرۆکەی گەشـتکردن تێدەپەڕێت تەنها لە پێناو بەسـەربردنی کاتی پشـوو ( ملوخية،٢٠٠٧: ٤٤)

کە لێرەدا چەند جۆری گەشتوگوزار بەکورتی دەخەینە بەرچاو:

١- گەشــتوگوزار کەلتوری : گەشــتیار تیایداگرنگی بە ســەردانیکردنی شــوێنە شــوێنەوارییەکان، مۆزەخانە، شــارە مێژووییەکان و ڤیستیڤاڵە کەلتورییەکانە. کە لایەنی کەلتوری گەشتوگوزار کە گرنگترین توخمی کەرتی گەشتوگوزاری تێدایە کە توخمی مرۆییە بە کەسـایەتی و ناسـنامەی خۆیەوە، وڵاتی گەشـتوگوزار دەیەوێت بە شـێوەیەکی پۆزەتیڤ سوودی لێ وەربگرێت لە گەشەپێدانی گەشتوگوزاردا و دەوڵەتانیش هەوڵ دەدەن لە وڵاتەکانیاندا یارمەتی ئەم کەرتە بدەن بۆ پاراسـتنی کەلەپووری بەرجەسـتە و نابەرجەسـتە بۆ نەوەکانی داهاتووی دوای خۆی. ( الظاهر و الياس، ٢٠٠٧ ، ٣١).

٢- گەشتوگوزاری ڕابواردنی: گەشتیار تێدا ئامانجی پشوودان و کات بەسەربردنە وەک چوون بۆ کەنار دەریا و پارک و سەیرانگاکان.

٣- گەشتوگوزار ژینگەیی: پەیوەندی بە سەردانیکردنی ناوچە سروشتییەکانەوە هەیە بەبێ زیانگەیاندن بە ژینگە و یەدەگ و چیاکان دەگرێتەوە.

٤- گەشــتوگوزار ئایینی: گەشــتیار تیایداگرنگی بە ســەردانی شــوێنە پیرۆزەکان و شــوێنە ئایینییەکانی وەک مەککە،نەجەف و کەربەلا، ئۆرشەلیم و ڤاتیکان دەکات.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٥- گەشتوگوزار پزیشکی: گەشت کردن بە مەبەستی چارەسەر یان ڕابواردنی تەندروستی وەک کانیاوی کانزایی و نەخۆشخانە نێودەوڵەتیەکان.

٦- گەشتوگوزار سەرکێشی: چالاکیەکانی وەک شاخەوانیی، مەلەکردن، خلیسکێنەی سەر بەفر و سەفاری لەخۆ دەگرێت.

٧- گەشتوگوزار پەروەردەیی و زانستی: گەشتیار گەشتەکەی بە مەبەستی فێربوون دەکات، وەک خوێندن لە دەرەوەی وڵات، بەشداری کردن لە خولی ڕاهێنان یان فێربوونی زمان.

٨- گەشتوگوزار بازرگانی: گەشت کردن بۆ بەشداری کردن لە پێشانگا، کۆنفرانس، کۆبوونەوە یان دانوستانەکانی بازرگانی دەگرێتەوە.

**باسی سێیەم:ژینگەو پیسبوونی ژینگە**

یەک: ژینگەو ئاراستە جیاکانی

١- مرۆڤ و ژینگە: مرۆڤ و ژینگە(ئیکۆلۆجیا) دوانەیەکی نێو ژیانن، مرۆڤ هەردەم بیرو هۆش و تێگەیشتن و هەڵوێســـت و کارکردنەکانی، بەرهەم و داچۆڕاوی ئەو پەیوەندیانەن ، یاخود ئەو کارلێکانەن، کە لە نێوان تاکی مرۆڤ و ژینگەکەیدا دروست دەبن.

ئاشـــکرایە مرۆڤ بە گرنگترین ڕەگەزی زیندووی ناو ژینگە دادەنرێت، کە توانای گۆڕانکاری ژینگەییی هەیەو هەوڵی کۆنترۆڵ و گونجانی سرووشتی و بایەلۆجی خۆی داوە . هەر لەسەرەتای درووست بونیەوە لەگەڵ توخم ڕ ەگەزەکانی ژینگە و پێکهاتەکانی ئەو ژینگەیە، پەیوەندی گرتووە. تا وای لێهاتووە ڕۆڵی ســـوڵتان بگێڕێت و تەحەکوم بەسـەر ژینگەوە بکات . بەتایبەت لەو ساتانەی کە پێشـکەوتنی زانسـتی و تەکنۆلۆجی وەك بەرهەمێکی مرۆیی و بەدەمەوە چوونی تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو مرۆڤە هاتنە ئاراوە(عمر،٢٠١٢. ٨)

پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە ئەو پاشـــخانە ئەزموونی و مەعریفی و کلتورییە ی هێنایە ئاراوە کە ئەمرۆ زانایانی مرۆڤناســـی و ئابوری ناســـان دەتوانن کۆمەڵگەکان و قۆناغی ژیانی کۆمەڵگەکان لەســـەر بنەمایی چالاکییەکان و جۆری چالاکییەکان و چۆنییەتی ئەدا کردنی پەیوەندی گرتنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە ، ئاســـتی وشـــیاری و قۆناغی ژیـانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دیـاری بکەن، مرۆڤ هەردەم چـالاکی ئـابوری بەمەبەســـتی تێرکردنی پێـداویســـتیە سەرەکییەکانی گرنگترین هۆکاری پەیوەندیکردنی بووە.

واتە ئەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ بەهۆیانەوە پێویســـتی و داواکارییەکانی ژیانی جێ بەجێ دەکات، کەلە چاخە جیاوازەکانەوە هەتاوەکو ئێستا پەرەیان سەنددوە لەگەڵ پێشکەوتنی بیروو و هزرو شارستانیەتی مرۆڤدا پەرەیان سەندووە و گەشەیان کردووە، جا هەر لەپیشە سەرەتاییەکانی چاخی کۆنی مرۆڤ، وەك کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەو ڕاوو شـکارو شـوانکارەوە بیگرە تاوەکو پەرەی سـەند بۆ بەکارهێنانی دارسـتان و کشـتوکاڵ و پاشـان کانزاکردن و دواتر داهێنانی پیشەسازی .



JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ژیانی خەڵک لە کوردستان هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەناو سرووشتدا بووە و سرووشت لە ژیانی خەڵکەکەی، نەك هەر جیا نەبووە، بەڵکو بەبێ سرووشت و بەخشندەییەکانی سرووشت، ژیانی مەیسەر نەبووە. بەڵام ئەوەی بگوترێ: ژیانی خەلک لەناو سرووشتدایە و بەبێ سرووشت مەیسەر نەبووە، جیایە لەوەی بگوترێ هوشیا ریی تاکی کوردی بە سروشت بەشێك نەبووە لە رۆشنبیریی گشتیی. کۆنترین دەقەکانی مێژوو وەسفی کوردیان وەك نەتەوەیەکی سروشتی و چیایی کردووە. وە ك هەر میللەتێکی دیکەی سرووشتباوە ڕ، کورد منداڵیی نەتەوەیی خۆیان لەپاڵ چیاکان و لەناو ئەشکەوتەکان و کەنار ڕوبارەکاندا بەسەر بردووە و ئەمەش ئاشکرای دەکات نەك هەر تەنیا سروشت و چیا و ئەشکەوتەکانی، پەناگەی تاکی کوردی ماڵی یەکەمی بوون، بەڵکو ئەوەش دەردەخات کە ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای متمانەی کورد بە سرووشتەوە .لە ڕاستیدا سرووشت نەك هەر کوردی پێگەیاندوە بەڵکو لەچنگ دووژمنەکانی پاراستویەتی (سیوەیلی:٢٠٢٠، ٥٦).

**٢- ئاراستەو رەوتە جیاوازەکانی بواری ژینگە:**

ئەمڕۆ دوو ئاراستەی جیاواز سەبارەت بە نیوەندگیری و چۆنیەتی پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەوە ئامادەیی هەیە . کە یەکەمیان لایەنگیری تەواویان بۆ ژینگە هەیە پێیان وایە ژینگە دایەنگەو لانگەو پەروەردەکەری مرۆڤەو دەبێت ئاگاداری بکرێت، بەهیچ شێوازێك نابێت هەڵسووکەوتی توندوو تیژی لەگەڵدا بکرێت. مرۆڤ لێیە وە ژیان و یاساو ئەخلاقیاتی ژیانی لێ فێربیێت و ژیانی وەك هەریەك لە بوونەوەرەکانی تر لێ درووست بکات . هەربۆیە پرەنسیپ(دعە یمر..وازی لێبێنە وادەروات !!) واتە بڕیاری دەست وەرنەدان لەسرووشت و دانەکانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. کە ئەم ڕێبازەش ڕێبازێکی کۆنە و فیزۆکراتەکان و سروشت دۆست و ئابوریناسە گەورەکان و کۆمەڵناسەگەورەکانی وەك هیربەت سیبینسەر پێشەواییان کردووە. بەڵام لایەنگرانی مۆدێرنەو هیومانیستەکان و پێشەنگانی شۆڕشی پیشەسازی و ئابووری دژایەتی ئەم رەوتەیان کردوو تەنها زاڵ بوونی مرۆڤ و هەرچی زیاتری مل کەچبوونی سرووشت و بونەکانی تر بۆمرۆڤ. واتە سەروەری توانای مرۆڤ و هەرچی زیاتری قازانج و سود و بەرژەوەندی زیاترە بۆ مرۆڤ ، بەلایەوە گرنگ و ئامانج بوو. بێگومان ئەمرۆ لایەنگرانی ئەم رەوتە لەکەمبوونەوە دایە رووبەرووی دژایەتیەکی رای گشتی جیهانی بوونەتەوە "هەرچەندە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری جیهانی هێندەی مانەوەی خۆیان و بەرژەوەندی خۆیان تائێستە بەلای خۆیاندا پچریوە، بەهۆی ئەو مەترسیانەی ئەمرۆ ڕویان لەژینگەو ژیانی سەر ئەم هەسارەیە کردووە، بەپێچەوانەوە لایەنگرانی ژینگە دۆستەکان رۆژ بەرۆژ لە زیاتر بووندان و جیهانیان لەو مەترسیانە ئاگادار کردووەتەوە کە بەهۆی خراب بەکاربردن و دەست وەردانی مرۆ ڤ لە ژینگەو پێکهاتەکانی ئەم دۆخە نەشیاوەی خستوەتەوە کە ئەمرۆ وەك مەرگێکی چاوەروانکراو رووی لەژیانی هەسارەی زەوی کردووە.

لێرەوە خەمخۆرانی ژینگەو بەسەر سێ ئاراستەدا دابەش بوون:

ئاراستەی یەکەم: ئەم ئاراستەیە خۆی لە هەموو ئەو بابەت و وتارو کتێب و لێکۆڵیەنەوانەی کە ئامانجی پەرە پێدانی هوشیاری بەژینگەو دەرامەتە هەمەجۆرەکانی. پاراستنی و بەرگریکردن لێی لەهەر سود وەرگرتنێکی زیان بەخشی مرۆڤ لە ژینگە ، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەموو ئەو مەترسیانەی کە رووەدەکەنە پێکهاتەکانی ژینگە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە لەهەوڵی راگیرکردنی هاوسەنگی ئیکۆلۆجین ئەوەش بە ئامانجی پاراستنی جۆری مرۆیی و ئەو دەسکەوتە شارستانیانەی مرۆڤ لە ژینگە بەدەستی هێناون.

ئاراستەی دووەم: ئەمەش خۆی لە گرنگی پێدانی شوێنە گرنگە نێو دەوڵەتیەکان و رێکخراوەکان ودەستە جیهانی و هەرێمی و ناوخۆییەکان دەبینێتەوە، بە گرتنی کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆرو ۆرك شۆپ لەسەر ژینگەو پرس و بابەتەکانی و گرفت و کاریگەریەکانی لەسەر مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و شارستانیەتی مرۆیی بەگشتی. نموونە لەوانەش کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ژینکەی مرۆیی، کە لە وولاتانی جیهان دەکرێت، نمونەی ئەو کۆنگرەی لە شاری ستۆکهۆڵمی سوید لە ساڵی ١٩٧٢ گیراو..نمونەکانی تریش دوای ئەمە هەموو ئەو رێو شوێنانەی دەگیرێنە بەر بۆ پاراستنی ژینگە لەم رێگەیەوە .

ئاراستەی سێیەم: ئەمەش خۆی لە هەوڵی ئەو دەوڵەتە پێشکەوتووە پیشەسازیانەدا دەبینێتەوە سەبارەت بەژینگەو کارو باری ژینگە ، ئەویش بەدانانی وەزارەتی تایبەت بە ژینگەو و پاشان دانانی دەستەی تایبەت و خوێندن پرۆگرامی تایبەت بەژینگەو پاراستنی ژینگە، هێشتنەوەی پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە لە ئاستێکی ئیجابیدا، پاشان هەوڵی هاوسەنگراگرتنی پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە بەردەوامی هەبێت.

گومانی تێدا نیە کە پاشەرۆژی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەمینە، پەیوەستە بەهاوسەنگ راگرتنی بایەلۆژی وزنجیرە خۆراکیەکان کە لەناو سیستمی ژینگەدا بوونیان هەیە بۆدرێژەدان بە ژیانی مرۆڤ . وەهەر نایەکسانی و نەهاتنەوەیەك لە بوونی هاوسەنگیەکان رووبدات کاریگەری راستەوخۆ و پێچەوانەی دەبێتەوە.بۆیە لەبەرژەوەندی مرۆڤدایە هەردەم بیری لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە بێت کە سەلامەتی و ژیانی خۆشگوزەرانی بۆمرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابین و مسەوگەر دەکات.دیارە هۆکارە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوسەنگیە لە چەند شتدا خۆی دەبینیتەوە گرنگترینیان(زەڵمی: ٢٠١٣، ٤٤)

١- بەرێوەبردنی تەندروستانەی دارستانەکان .

٢-بەرێوەبردنی تەندروستانەی لەوەڕگاکان.

٣-بەرێوەبردنی تەندروستانەی زەویە کشتوکاڵی و باخەکان.

٤-رووبەروبونەوەی پیسبوونی ژینگە.

**٥-**هەما هەنگی و هاورابوونی زانایانی ژینگەو ئەوانەی کە لە دانانی پرۆژەکاندا بەرپرسن.

**٦-** گەشە پێدانی هوشیاری ژینگەیی.

**دووەم: گەشتوگوزار و پیسبوونی ژینگە:**

گەشتوگوزار، یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ژیانی سەردەمیانە، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی خێرایی ئەم بوارەدا، کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ژینگە زۆر بەرچاو کەوتوون. دیارە لێرەدا پیسبوونی ژینگە باسدەکەین وەک دیارترین کاریگەری نەرێنی چالاکییەکی گرنگی مرۆیی و ئابووری، کە گەشتوگوزارە. دیارە پیسبوونی ژینگە بریتییە لە سەرباربوونی نەرێنی کەرەستە، وزە یان هۆکارە زیانبەخشەکان بۆ ناو ژینگە بە شێوەیەک کە

تایبەتمەندییە سـروشـتی و کیمیایی و بایۆلۆژییەکانی دەگۆڕێت، کە زیان بە زیندەوەرەکان دەگەیەنێت و پێشـێلی هاوسـەنگی سـیسـتەمی ژینگەیی دەکات. ئاشـکرایە هەر گۆڕانکارییەک لە ژینگەدا کە لە ئەنجامی چالاکیی مرۆڤ یان پرۆسـەی سـروشـتی دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی کاریگەری نەرێنی لەسـەر تەندروسـتی یان سـەرچاوەکانی ژیان پێی دەوترێت پیسـبوون. بۆخۆیشـی پیسـبوون جۆری جیاجیای هەیە، وەک پیسـبوونی هەوا، پیسـبوونی ئاو، ژاوەژاو و پیسبوونی خاک. لە گرنگترین هۆکارەکان دەردانی پیشـەسازی، بەفیڕۆدان و فراوانبوونی ناڕێکی شارەکان هەیە. لێرەدا لەسەر دیارترین جۆرەکانی پیسبوون دەوەستین:

**١- پیسبوونی هەوا:**

پیسبوونی هەوا، یەکێکە لە ژەهراویترین جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە، لەبەرئەوەی کە کۆنترۆڵکردنی ئەم جۆرە لە پیسـبوون زۆر قورسـە. دیارە هۆکاری ئەم پیسـبوونی هەوایە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جیاجیا، لەوانە شـیبوونەوەی ماددە زیانبەخشـەکان، تۆفانە خۆڵی و توخمییەکان، یان لە ڕێگەی چالاکییە مرۆییەکان و هەروەها پیسـبوونی گازی ڕەق و شلەکان کە لە پیشەسازییەوە دروست دەبن.

دیارترین جۆرەکانی پیسـبوونی هەوا، کە لە ڕێگەی چالاکییە مرۆییەکانەوە دروسـت دەبن بریتین لە: پیسـبوونی هەوا لە ڕێگەی سـوتانی سـوتەمەنی وەک خەڵوز و نەوت، ئەمەش لە پیشـەسـازی خانەپیشـەییەکان یان ئامرازەکانی گواسـتنەوە ڕوودەدات، هەروەها لە ڕێگەی سـوتانی پاشـماوە و گڕگرتنی کەرەسـتەو شـمەکەکان. بێگومان ئەم پیسبوونەش دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی و ژینگەیی بۆ ئەو کەسانەی کە بەردەوام لەگەڵ ئەم پیسبوونانە دەبن.

هەروەها کێشـەی پاشـماوەکان هۆکارێکی تری پیسـبوونە، بەهۆی کەمی سـەرچاوە و میکانیزمەکانی کۆکردنەوە و لابردنیان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بە تەندروستانە بەشێوازی (ڕیسایکلین کردن) پاشماوە کارێکی قازانج نەبێتەوە، بۆیە بودجەی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزارییە گشـتییەکانی تەندروسـتی ناتەواوە و کەمە. بەهۆی ناڕێکی لابردنی پاشـماوەکان، کێشـە جۆراوجۆرەکان وەک بۆنە خراپەکان دروسـت دەبن، هەروەها دەبنە شـوێنی پەر ەسـەندنی مێرووەکان و گواسـتنەوەی نەخۆشـییەکان. سـوتاندنی پاشـماوەکانیش دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی گاز و ڕەنگی زیانبەخش(حفظی:٢٠٠٣, ٣١١)

سیستەمی گەشتوگوزار، وەک بەکارهێنەری سەرەکی وزە، زۆرترین وزەی جیهان دەسووتێنێت لە هەوادا. هەزاران ئۆتۆمۆبێل ڕوودەکەنە شوێنە گەشتیارییەکان، وەهەر یەکێک لەو گەشتیارانە وزەو سـەرچاوەی ئاگری وەک خەڵوز و دار و سووتەمەنی جیای پێویستە، ئەمەش دەبێتە هۆی:

- **دەردانی گازی دووەم ئۆکسـیدی کاربۆن :($CO_2$)** یەکێک لە سـەرەکیترین گازەکانی گەرمبوونی زەوییە و کاریگەری لەسەر گۆڕانی کەشوهەوای جیهان هەیە.
- **دەردان و کەڵەکە بوونی ئۆکسیدەکانی نایترۆجین کە دواجار :($NO_x$)** دەبێتە هۆی بارینی ترشـەباران کە زیان بۆ ژینگە و دار و درەخت دەگەیەنێت.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- **گەردەکانی سووتاندن:** کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر تەندروستی مرۆڤ و گیانلەبەران و دارو درەخت و سەوزایی هەیە.

**٢- پیسبوونی ئاو:**

کێشەی پیسبوونی ئاو و کەمی ئاو، یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی ئاو لە سەردەمی ئێستادا. هەرچەندە ئاو لە ژینگەدا زۆرە، بەڵام تەنها نزیکەی ١٪ ی ئاوی زەوی بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ گونجاوە. ئەم رێژەش بەهۆی پیسبوونەکانی وەک پاشماوەی بەکاربردنە جیاکان، ئاوی کاناڵەکان، ئاوی باران، چالاکی کشتوکاڵی و پیشەسازی، هەروەها رێکاری گەڕان و دەرچوون و پاککردنەوەی نەوت، ئەمانە وادەکەن ئەم رێژەی بەکارهێنانەی ئاوی پاکە کەمتر بکەنەوە لەو رێژەیە.

لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، فشارێکی زۆر لەسەر خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان وەک ئاوی خواردنەوە و سیستەمی جۆگەهەڵگرتن و کاناڵکردن و لێهەڵگرتن بە میکانیزمەکانی وەک بۆری داناوە. ئەمەش بووەتە هۆی پیسبوونی زیاتری ئاوی دەریا و ڕووبارەکان. پێش زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، پرۆسەیەکی پاککردنەوەی سروشتی هەبوو بەڵام زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆربوونی پاشماوەکان، ئەم سیستەمە سروشتییەیان تێکداوە.

پیسبوونی ئاو، بریتییە لە پیسبوونی تەنەکانی وەک ڕووبار، دەریاچە، زەریاکان و ئاوی ژێر زەوی، بەهۆی ماددە زیانبەخشەکان یان پیسکەرەکانەوە. ئەم دیاردەیە مەترسییەکی بەرچاو لەسەر ئیکۆسیستەمی ئاوی و تەندروستی مرۆڤ و ژینگەی گشتی دروست دەکات، سەرچاوەکانی پیسبوونی ئاو دەتوانن هەمە چەشن بن، لە رژان و کەوتنی بابەتی کشتوکاڵیەوە تا ئاوەڕۆ و پاشماوەی پلاستیکی و نایلۆن و پاشماوە خۆراکیەکان. بێگومان چالاکییە گەشتیاریەکان هەمیشە سەرچاوەیەکن بۆ ئەم جۆرە پیسبوونەو بە پراکتیکی ئەم دیاردەیە بەڕوونی لەناوچە گەشتیاریەکان بەرچاودەکەوێت(حسی، ٢٠٢٥، ٧)

**گەشتوگوزار کاریگەری لەسەر ئاوەکان هەیە لە رێگەی:**

١- چوونەخوارەوەی پاشماوەکانی خۆراک و کەرەستەکان و سووتەمەنی و تێکەڵبوونیان بە ئاوی ڕوبارو کانیەکان.

٢- شوشتنی کەرەستە و ئۆتۆمۆبێلەکان.

٣- ڕژان و تێکەڵبوونی مەوادی کیمیایی بەخاک و سروشتی ناوچەکە.

**٣- پیسبونی ژینگەو کۆبونەوەی خاشاک**

کۆمەڵگای هاوچەرخی جیهانی، بە رێژەی بەرزی خواردنەوە و بەکارهێنانی سامان جیادەبنەوە. ئەمە تەنها لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا نییە، بەڵکو لە وڵاتە درووستکەرەکانیشدا، وەک میسر دەبینرێت. لەوانەیە ئەمە بەهۆی ئەوەبێت کە زۆربەی وڵاتە درووستکەرەکان ستراتیژییەکانی گەشەپێدانیان لەسەر بیرۆکەی گەشەی ئابووری داناوە بەبێ گوێدانە ئامانجەکانی وەک دادپەروەری و یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان. لە ئەنجامدا، زۆربەی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان ڕوویان لە بەرهەمهێنانی کاڵای بەکارهێنراو کردووە کە قازانجی زۆر خێرا بەدەستدەهێنن. ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر پاکڕاگرتنی سەرچاوە ژینگەییەکان هەیە، خەڵکیش باجەکەی دەدەن کاتێک سامانی ماددی خۆیان پێشدەخەن بۆ بەدەستهێنانی ئەم کاڵایە.

لەگەڵ ئەم زیادبوونە گەورەی بەکارهێناندا، ڕێژەی خاشــاکیش بەرز بووەتەوە کە دەبێت ڕۆژانە لابرێن، بەتایبەت لە شارە گەورە و قەرەباڵغەکان، ئەم خاشاکە بارێکی قورسە لەسەر شارەوانییەکانی ئەم شارانە، چونکە دەبێت ڕۆژانە لابرێن بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی. بۆ نمونە، قەبارەی خاشـاکی ڕەق، کە ڕۆژانە لە شـاری قاهیرە هەڵدەگیرێت، زیاتر لە ٥٠٠٠ تەنە. جێی باسـە کە سـەرچاوەی جیاواز هەیە دەبنە هۆی دروسـتبوونی خاشـاکی ڕەق، وەک خاشـاکی شارەوانی کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکانەوە دروست دەبێت لە کاتی بەکارهێنانی کاڵای جیاواز.(حفظی:٢٠٠٣, ٣٢١).

دیارە ناوچە گەشتیارییەکان هەمیشە ئەو ژینگە تایبەتمەندە سەرنجڕاکێشەن کە گەشتیاران ڕوویتێدەکەن، بەڵام هەرگیز ڕزگاریان نەبوەو نابێت بەتەواوی لە پرسی پیسبوون و گرفتی ژینگەیی، ئەگەر ئەرکی چاودێری و بەردەوامی خزمەتگوزاری و هوشیاری گەشتیاری لەو ناوچە گەشتیاریانەدا لە ئاستێکی پێویست و باڵا نەبێت. پاشان زۆرجار بەهۆی ویستی زیاتری چالاکی گەشتیاری دەست بۆ ژینگە دەبرێت، لێرەوە ژینگە دەخرێتە بەردەم نەشتەری بەناو فراوانکردنی خزمەتگوزاری و چاکسازی بواری گەشتوگوزارییەوە، لیرەوە بڕینی دارستانەکان، تێکدانی ژینگەی سروشتی ئاژەڵ و باڵندەکان، گۆڕینی بەکارهێنانی زەویوزار، کەوتنەوەی ئاگر و سوتانی پاوەن و دارستان و ڕەزو باخەکان) دەبنە باجی ژینگەو وەک دەرکەوتەیەکی نەرێنی لەسەر ژینگە دەبنە دیاردە.

**٤- ژاوەژاو و پیسبوونی دەنگ**

پیسبوونی دەنگ، شێوازێکە لە وزە کە لە ڕێگای هەواوە بە شێوەی شەپۆلی گۆڕاوی پەستان دەگوازرێتەوە، دەنگی نەخوازراو و زیانبەخش بە (ژاوەژاو) دەناسرێت، کە کاریگەری خراپی لەسەر هەستی بیستن دەبێت. پەستانی دەنگ لەسەر گوێ دەکرێت بەپێی توندی و بەهێزی دەنگ و لەرەلەرەکانی (ژمارەی شەپۆل لە چرکەیەکدا) گوێی مرۆڤ دەتوانێت لەرەلەری نێوان ٢٠ هێرتز تا ٢٠ کیلۆهێرتز بیستێت. پیسبوونی دەنگ شەپۆلی تێکەڵاوی دروست دەکات کە بە هەموو ئاراستەکان بڵاودەبێتەوە، و بەهێزی دەنگ بە پێچەوانەی دووری لە سەرچاوەکەوە کەم دەبێت. ژاوەژاو (دەنگی زیانبەخش) بریتییە لە هەموو ئەو دەنگانەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بیستن دروست دەکەن، بە تایبەتی ئەگەر بەهێزی دەنگەکە زیاتر بێت لە (٩٠ دێسیبێل) بۆ ماوەی زیاتر لە ( ٨ کاتژمێر). ژاوەژاو دەتوانێت بەرز، مامناوەند یان نزم بێت، بەڵام کاریگەری زیانبەخشی لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، بە تایبەتی لە شوێنە داخراوەکان کە شەپۆلە دەنگییەکان خۆیان ڕادەگرن و یەکتر بەهێز دەکەن.

پیسبوونی دەنگ لە زۆر شوێنی کاردا ڕوودەدات، وەک: (شوێنکارەکانی ئۆتۆمۆبیل و کانزاکان، کارەکانی پیشە وردەکانی وەك دروستکردنی چەقۆ، شوێنەکانی بەکارهێنانی بزوێنەر و پەستانە بەرزەکان). شوێنە گەشتیاریەکانیش هەمیشە یەکێکن لەو شوێنانەی کە زۆرترین ژاوەژاو و دیاردەی پیسبوونی ژینگەی تێدەکەویت، بە هۆی ئەو قەرەباڵغی و جەنجاڵیەی کە ڕوودەکاتە ئەم ناوچانەو هەروەها زۆری ئەو ئۆتۆمبێل و ئەودەنگە جۆراوجۆرانەی لەو جوڵانەیان بەدەردەکەویت، بەدەر لەو هەموو دەنگ و ئاواز و جۆری دەربڕینە جۆراو جۆرانەی کە لە مامەڵەو چالاکی گەشتیاران و ئامادەبوانی ناوچەگەشتیاریەکان دەکەونەوە. چونکە ژاوەژاو کاریگەری خراپی لەسەر بیستن و بارودۆخی دەرونی و ئارامی دەرونییەوە هەیە، لەکاتێکدا خودی گەشتیاران شوێنە گەشتوگوزاریەکان بەمەبەستی پشودانی دەرونی و جەستەیی و گۆڕینی جەوێک، دێن.(شحاتە، ٢٠٠٣، ٧٨)



JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بەشی دووەم لایەنی مەیدانی**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکەResearch community:** دیاریکردن و هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی توێژینەوەی زانستی، کە بایەخی پێناسی کۆمەڵگەی توێژینەوە کەمتر نیە لە دارِشتنی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوە ((الجزولي، و الدخيل،٢٠٠٠: ١٠١).

مەبەست لەدیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە، زانین و پەیبردنی توێژەرە بە تەواوی سنوری جوگرافی وکاتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر لێتوێژینەوەی لەسەردەکات لەگەڵ یەکە پێکهێنەرەکانی. کەمەرجی بنچینەیی دیاریکردنی جۆری نمونەی توێژینەوەکەیەتی. کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیە ئەو گەشتیارانەن کە روویان لە شوێنە دیارەکانی هەڵەبجە کردووە بۆگەشتوگوزار کە ئێمە هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا و بیارەو ئاوێسەرمان بە نموونە وەرگرتوە.


**خشتەی (١) ژمارەی سامپڵی ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ز | ئەحمەدئاوا | بیارە | ئاوێسەر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٥ | ٢٢ | ١٤ | ٦١ |
| ڕێژە٪ | ٤١ | ٣٦ | ٢٣ | ٪١٠٠ |

**نمونەی توێژینەوەکە research sample**

لەم توێژینەوەدا (٦١) گەشتیار کەسەردانی ناوچەگەشتیارییەکانی سنوری پارێزگاکەیان کردووە، وەرگیراون، کە توێژەران بە هەرەمەکی لەوکاتانەی کە سەردانی ناوچەکەیان کردوە ڕاستەوخۆ ٢٥ فۆرمیان لە سەر هاوینەهەواری ئەحمەداوا و ٢٢ فۆرمیان لە سەر بیارە و ١٤ فۆرمیان لەسەر ئاوێسەر، لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکاندا پشتیان بە ئامادەبوونی گەشتیار بەستووە لەو شوێن و کاتەدا، نەک جێندەر.

شێوەی ژمارە (١) ڕەگەزی سامپڵ ڕووندەکاتەوە





لەکۆی سامپڵ، ڕیژەی (٢٣٪)ی لەرەگەزی (مێ) یە و ریێژەی (٧٧٪) ی لەڕەگەزی (نێر)ن.




*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شێوەی ژمارە(٢) تەمەنی سامپڵ ڕوووندەکاتەوە




ڕیژەی ٤,٩٪ ی بەشـــداربووان تەمەنیان لەنێوان (١٨ بۆ ٢٩) ســـاڵیدایە و ڕێژەی ٣٢,٨٪ ی بەشـــداربووان تەمەنیان لەنێوان ٣٠ بۆ ٣٩ ســـاڵیدایە و ڕیژەی ٦٢,٣٪ ی بەشـــداربووان تەمەنیان لەنێوان ٤٠ بۆ ٥٠ و زیاتردایە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو کەســانەی تەمەنیان زیاتر لە ٤٠ ســاڵە زیاتر پەیوەســتن بە گەشــتوگوزارو ســەردانی کردنی شــوینە گەشتیارییەکان.

شێوەی ژمارە(٣) ئاستی خوێندنی سامپڵ پیشاندەدات.





کە تێدا ڕێژەی ٥٧,٤٪ی خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆســـن و زۆرترینن و هەروەها ١٦,٤٪ی بەشـــداربووان هەڵگری بڕوانامەی ماســتەرو دکتۆران و ڕیژەی ٢١,٣٪ی بەشــداربووان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن و تەنها٤,٩٪ی بەشــداربووان خاوەن بڕوانامەی ئامادەیین. ئەم دەرەنجامە ئەوەدەگەیەنیت کە خوێندن و بوونی بڕوانامە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ چالاکی گەشتیاریدا.




***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شێوەی ژمارە(٤) شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵ پیشان دەدات.





٧٠،٥٪ سامپڵ لەدەرەوەی ناوچەی گەشتیاری دەژین وەك شاروشارۆچکەکان و هەرچی ٢٩،٥٪ی بەشداربووان لەناوچەی گەشتیاری دەژین وەك ناوچەکانی بیارە و تەوێلە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گەشتیارانی ناوخۆ ڕیژەی زۆریان لەشارەکاندا دەژین و بەهۆکاری گواستنەوە گەشت دەکەن بۆ شوێن و جێگا گەشتیارییەکان.

شێوەی ژمارە (٥) پیشەی سامپڵ ڕووندەکاتەوە.




ڕێژەی ٨٥،٢ ی بەشـــداربووان فەرمانبەرو مووچەخۆری حکومەتن، کە بەرزترین ڕیژەیە و ئەوە دەردەخات بۆ بژێویی ژیان و دابینکردنی پیداویســتییەکانیان پشــت بە مووچە دەبەســتن بەهەمان شــێوە بۆ گەشــت و سەردانکردنیش، ڕیژەی ٩،٨٪ی بەشداربووان پیشەی سەرەکیان کاسبە و پشت بەداهاتی تایبەت دەبەستن، ڕیژەی ٣،٣٪ بەشداربووان لەتوێژی خانەنیشان و ڕیژەی ١،٦٪ ی بێکارن و سەرچاوەی داهاتیان نی یە.

شێوەی ژمارە (٦) ڕای سامپڵ ڕووندەکاتەوە.





سەبارەت بەکاریگەرییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ژینگەی کوردستان، ٢٣٪ی بەشداربووان پێیان وایە بەشێوەی (زۆر نەرێنی ) کاریگەری هەیە لەســەر ژینگە و ٥٥،٧٪ی بەشــداربووان پێیان وایە بەشــێوەی (نەرێنی ) کاریگەری



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034


هەیە، ڕێژەی ١٤،٨٪ ی بەشداربووان پێیان وایە بەشێوەی تەنها (ئەرێنی ) کاریگەری هەیە لەسەر ژینگە، ڕیژەی ٧٪ی بەشداربووان پێیانوایە بەشێوەی (زۆر ئەرێنی ) گەشتوگوزار کاریگەری کردووەتە سەر ژینگەی ناوچەکە و کەمتر لەریژەی ٧٪ ی بەشداربووان بەبێلان وەڵامیان داوەتەوە.

شێوەی ژمارە (٧) ڕای سامپڵ سەبارەت پرۆژەی گەشتیاری ڕووندەکاتەوە.




ڕێژەی ٣٦،١٪ بەشداربووان وەڵامی (هاوڕام) یان داوەتەوە و ریژەی ٢٤،٦٪ی بەشداربووان وەڵامی (بەتەواوی هاوڕام)یان داوەتەوە و پێیانوایە بەڵێ گەشتوگوزار کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ژینگەی ناوچەکە، ریژەی ١٩،٧ ی بەشداربووان وەڵامی (هاوڕانیم)یان داوەتەوە و ریژەی ١١،٥٪ بە بێلان وەڵۄمیان داوەتەوە و ریژەی ٨،٢٪ی بەشداربووان وەڵامی (بەتەواوی هاوڕانیم)یان داوەتەوە

شێوەی ژمارە (٨) ئاستی هۆشیاری ژینگەیی، لای سامپڵ ڕووندەکاتەوە.





بەشێوەیەك ریژەی ٥٠،٨٪ی بەشداربووان پێیانوایە ئاستی هۆشیاری لەلای گەشتیاران خراپە، ریژەی ٣١،١٪ی بەشداربووان ئاستی هۆشیاری گەشتیاران بە (باش) دادەنێن و ڕێژەی ١٦،٤٪ی سامپڵیش پێانوایە ئاستی هۆشیاری گەشتیاران زۆر خراپن. تەنها ڕێژەی ١،٧٪ی بەشداربووان ئاستی هۆشیاری گەشتیاران بە (زۆر باش) دادەنێن.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شێوەی ژمارە (٩) کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەشتوگوزار لای سامپڵ، ڕووندەکاتەوە.




سەبارەت بەگرنگترین کاریگەری لەسەر ژینگە، ڕێژەی ٤٠٪ بەشداربووان پاشماوەی زبڵ و خاشاك گەورەترین کاریگەری نەرێنییە لەسەر ژینگە و ٣٦٪یش پێیانوایە گەشتوگوزار دەبێتەهۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاویەکان ناوچەکە، ڕێژەی ٢٤٪ی بەشداربووان پێیانوایە بەهۆی زۆری هاتوچۆی گەشتیارانەوە هەوای ناوچەکە پیس دەبێت. ڕیژەی ٩٪ی بەشداربووان پێیانوایە بەدەنگەدەنگ ژینگە پیس دەبێت و ڕێژەی ١٣٪ی بەشداربووان پێیانوایە دەرئەنجامی گەشتوگوزار دەبێتەهۆی بڕینەوەی دارو درەخت و وشک بوونی، لێرەوە بە گشتی زیان بە سروشتی ناوچەکە دەدات.

شێوەی ژمارە (١٠) پابەندی سامپڵ بە ڕێنماییە پارستنی ژینگە، ڕووندەکاتەوە





سەبارەت بەئاستی پابەندبوونی گەشتیاران بەفڕدانی پاشماوەکانیان، ڕیژەی ٥٠,٥٪ پێیانوایە (تاڕادەیەك پابەند)ن و ڕیژەی ٣٧,٧٪ پابەندنەبوونیان وەڵامداوەتەوە و ئەمەش جێگای سەرنجە و ڕیژەی ٩,٨٪ تەنها پابەندن و تەنها ڕیژەی ١,٦٪ پێیانوایە زۆر پابەندن بەفڕیدانی پاشماوەو پیسنەکردنی ژینگەکانیان. لەشوێنی دیاریکراودا.

شێوەی ژمارە (١١) بەرپرسیارێتی پاراستنی ناوچە گەشتیاریەکان لای سامپڵ، ڕووندەکاتەوە.




***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034





سەبارەت بەرپرسیارییەتی پاراستنی ناوچە گەشتیارییەکان، ڕێژەی ٥٧,٤٪ی بەشداربووان پێیانوایە ئەرکی هەموو لایەکە بەحکومەت و دانیشتوانی ناوچەکان و گەشتیاران و خاوەن پرۆژەکان، ڕێژەی ٢١,٣٪ تەنها حکومەت بەبەرپرسیار دەزانن ڕێژەی ١٦,٤٪ خودی گەشتیاران بەبەرپرسیاری سەرەکی دادەنێن بۆ پاراستنی ناوچە گەشتیاریەکان،

شێوەی ژمارە (١٢) بوونی هەڵمەتی هۆشیاری ژینگەیی و ڕینماییەکان. لای سامپڵ، ڕۆشندەکاتەوە




. ڕێژەی ٦٣,٩٪ی بەشداربووانی توێژینەوەکە پێیانوایە کەم بەدی دەکرێت و ڕیژەی ٢٦,٢٪ وەڵامی بەدیدەکرێت، ڕێژەی ٩,٨٪ پێیانوایە هیچ بەدی ناکریت.

شێوەی ژمارە (١٣) پەرەپێدان وەک چارەسەر بۆ پاراستنی سروشت، لای سامپڵ ڕووندەکاتەوە




ڕێژەی ٥٢,٥٪ پێیانوایە پەرەپێدانی گەشتیاری ژینگەیی دەتوانێت ببێتەچارەسەرێك بۆ پاراستنی سروشتی کوردستان، ڕێژەی ٣٦,١٪ بە

ڕەنگە وابێت وەڵامیان داوەتەوە و ٦,٦ % ی بەشداربووان پێیانوایە نابێتەهۆی چارەسەر و ڕیژەی ٤,٩٪یش بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ئەنجام:**

١- گەشـــتوگوزار بەســـەرجەم چالاکییەکانیەوە کاریگەری نەرینی دەکاتە ســـەر ژینگەو ڕەگەزەکانی ژینگە، بەشێوەیەك هەندێجار مەترسی لەناوچوون و نەمانی ژینگەی سروشتی دەکرێت.

٢- پاشـماوەی زبڵ و خاشـاك گەورەترین کاریگەری نەرێنییە لەسـەر ژینگە و پلەی یەکەمی وەرگرتوە، پاشـان زۆری هاتوچۆی گەشـتیاران و بەکاربردنی خراپی شـمەک و سـوتاندنەکان هۆکارە بۆ ئەوەی هەوای ناوچەکە پیس ببێت. بە پلەی ســێیەم بەشـــداربووان پێیـانوایـە ژاوەژاو فاکتەرێکی تری ژینگە پیس بوونە و بە پلەی چوارەم بەشـداربووان پێیانوایە دەرئەنجامی گەشـتوگوزار دەبێتەهۆی بڕینەوەی دارو درەخت و وشـک بوونی، لێرەوە بە گشتی زیان لە سروشتی ناوچەکە دەدات. شێوەی ژمارە (٩) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

٣- هۆشـیاری ژینگەیی زۆربەی گەشـتیاران لاوازە، ئاسـتی رۆشـنبیری گەشـتیاران سـنوردارەو هەندێجار گەشتیاران تەنها ئارەزووەکانی خۆیانیان بەلاوە گرنگە و گوێ نادەن بە ژینگەی ناوچەکان. شـێوەکانی ژمارە (٨،١٢) ئەمە ڕووندەکەنەوە.

٤- بەرپرسـیارێتی ژینگەیی لەسـەرشـانی هەموانە، هەر لە گەشـتیارو هاوڵاتیەوە تا دەزگاو رێکخراوەکانی ژینگە و حکومەت، بەڵام بەرپرسیارێتی گەورە لەسەر حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانە. شێوەی ژمارە (١١) ئەمە ڕووندەکاتەوە

٥- حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەگشـتی نەیانتوانیوە ڕێگری لەناوچوونی ژینگە بکەن، بەتایبەتی کەرتی گەشتوگوزار زیاتر بایەخ بەقەبارەی زۆری گەشتیاران دەدات وەك ئامانجێکی ئابوری و دارایی، بێ گوێدانە زیانەکانی سەر ژینگە. شێوەی ژمارە (١٠) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

٦- زۆربەی بەشـداربوونی فۆرمی ڕاپرسـییەکە، داوای یاســای تایبەتی بەژینگە و جێبەجێکردنی دەکەن، بۆئەوەی بەیاسا ڕێگری لە لەناوچوونی ژینگە بگیرێت. شێوەی ژمارە (١٣) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

٧- ســەرەڕای زۆری شـوێن و جێگا گەشـتیارییەکان لەسـنوری پارێزگای هەڵەبجەدا، خۆشـبەختانە ڕێژەی پیسبوون بەبەراورد بە ژمارەی گەشتیاران کەم و سنوردارە.

**ڕاسپاردەکان:**

١- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاکانەوە، هۆشیاری گەشـتیاری بلاوبکرێتەوە لەشێوەی پروشەر و کورتەڤیدیۆیی تایبەت و ئەپی تایبەت بەو بوارە بەردەست بکرێت

٢- پەسەندکردنی وانەی ژینگە لە پرۆگرامەکانی پەروەردەدا، بەتایبەتی لەقۆناغی بنەرەتیدا.

٣- هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکەی ژینگە بەشێوەیەك لەگەڵ گۆرانکارییەکانی کەشو هەواو ژیان و بارودۆخی ئێستادا بگونجێت.

٤- دابینکردنی سـەرجەم خزمەتگوزارییەکان لەناوچە گەشـتیارییەکان بۆئەوەی گەشـتیاران و سـەردانیکەران، زیان بە ژینگەیی ناوچەکە نەگەیەنن، وەك فڕێدانی پاشماوەخۆراکییەکان و پلاستیك و هتد.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٥- حکومەت و فەرمانگە پەیوەندی دارەکان دەبێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و چاوپۆشــی لە پێشــێلکاری نەکرێت، پاشــان پێیســتە بە ماســتەر پلانێکی وا ئیش بکرێت کە ناوچە گەشــتیاریەکان ســەوز بکرێن نەک ببنە هۆی کەمبوونەوەی سەوزایی و تێکدانی ژینگەی سروشتی.

٦- پێویستە لە پرۆسەی پەرەپێداندا گرنگی بە دانیشتوانی ناوچەگەشتیارییەکان بدرێت و پشکی شێریان بەربکەوێت لە پرۆژە گەشتیارییەکان و بەشداری ئەو هەلی کارانەبن لەناوچەکەدا دەڕەخسێنرێت

سەرچاوە کوردییەکان:

١- ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپارێزی، ڕێکخراوی زەریاب و ئاژانسی پایا، هەولێر، 2020.

٢- ئیسماعیل حاجی زەڵمی: ژینگە دۆستی لە شیعری شاعیرانی هەورامانداا، گۆڤاری هەورامان، ژمارە ٢٢،مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان،٢٠١٣.

٣- ڕێبوار سیوەلی(٢٠٢٠) فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپاریزی، رێکخراوی زەریاب، ئاژانسی پایا، هەولێر.

٤- زانا حسیب حسین: پیسبوونی ژینگە، ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی کوردستان فاوەندەیشن،٢٠٢٥

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- حسن أحمد شحاته ، التلوث البيئي و مخاطر الطاقة ، مطبعة دار العربية ، القاهرة ، الطبعة الثانية ، ٢٠٠٣ .

٢- نعيم الظاهر و سراب الياس ، مبادىء السياحة ،دار المسيرة للنشر والتوزيع ،طبعة الثنية ، ٢٠٠٧ .

٣- احمد فوزي ملوخية: التنمية السياحية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر.٢٠٠٧.

٤- محمد اسماعيل عمر : مقدمة فى علوم البيئة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط٣، القاهرة، ٢٠١٢م.

٥- الجزولي، عبد الحافظ والدخيل، محمد(٢٠٠٠): طرق البحث في التربية والعلوم الاجتماعية، دار الخريجي، الرياض.

٦- عبد الفتاح، محمد عبد الفتاح(٢٠١٠) مدخل إلى السياحة: المفاهيم والأسس. دار الفكر العربي، القاهرة.

٧- مثني طه الحوري و إسماعيل محمد علي الدباغ (٢٠٠١): مبادىء السفر والسياحة، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، طبعة الاولي، عمان، الاردن.

٨- الهيئة العامة للسياحة والتراث الوطني – المملكة العربية السعودية(٢٠٠٥)، الاستراتيجية العامة لتنمية السياحة الوطنية في المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٥،.

٩- عبد الفتاح، محمد عبد الفتاح(٢٠١٠) مدخل إلى السياحة: المفاهيم والأسس. دار الفكر العربي، القاهرة.

١٠- (مجمع اللغة العربية، ٢٠٠٤، ج٢، ص ٩٢).

١١- محمد سيد أرناؤط(٢٠٠٠) الانسان وتلوث البيئة, مكتبة الاسرة, دار المصرية اللبنانية, ط٢ مصر.

١٢- احسان حفظى (٢٠٠٣) علم الاجتماع التمنية, دار المعرفة الجاميعية, الاسكندرية.

١٣- احمد عوض(٢٠٠٢) دراسات البيئية, دار نوبار للطباعة, مصر .

١٤- ابراهيم عبدالكريم حمةكريم, ٢٠١٥, اثر العوامل البيئية و الاجتماعية في الاصابة بالأورام, رسالة ماجستير غير المنشورة, جامعة القاهرة.

١٥- منظمة السياحة العالمية (UNWTO). Sustainable Development of Tourism(٢٠٠٤)، منشورات منظمة السياحة العالمية، مدريد.

١٦- الهيئة العامة للسياحة والتراث الوطني – المملكة العربية السعودية،٢٠٠٥: https://www.sta.gov.sa/ar/home

١٧- (معجم المعاني الجامع، مادة: تلوث البيئة، ٢٠٢٤).https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/تلوث-البيئة.

سەرچاوەکانی تر:

1- Stephen William, Tourism Geography, Routledge Contemporary Human Geography, Taylor and Francis Group, fifth published, 2003

2- -Brundtland, G. H. (1987). Our Common Future. Oxford University Press.

3- Glasson, J., Therivel, R., & Chadwick, A. (2012). Introduction to Environmental Impact Assessment. Routledge.

4- Honey, M. (2008). Ecotourism and Sustainable Development: Who Owns Paradise? Island Press

5- Park, C., & Allaby, M. (2017). A Dictionary of Environment and Conservation. Oxford University Press.

6- UNEP (2019). Global Environment Outlook. United Nations Environment Programmer.

7- World Tourism Organization (WTO) (2001). Tourism Satellite Account: Recommended Methodological

8- Yassi, A., Kjellström, T., de Kok, T., & Guidotti, T. (2001). Basic Environmental Health. Oxford University Press.